# نـــێوان

سەلام عومەر



لە رووبارێکدا دوو ماسی
لە نێو ئەشکەوتێکدا کانیو،
لە دارستانێکدا چریکە،
لەکام شوێن یەکتریمان ناسی؟
لەنێو ئەو روبارەیدا هاشەی
جەنگەڵەکانی لوول دەداو،
وشەکانی لـێ قووت دەداین.
یان لەم ئەشکەوتە ترسناکەی
رابردووی لـێ شێت دەکردین،
لەکوێ یەکتریمان ناسی
لەو دارستانە پایزییەی
گەڵاکانی بە چرپەوە بەسەر ئەویندا
دەبارین
یان لە داوێنی ئەو کەژەی
بەردەکانی گشتی لوتکەو،
دارەکانی گەڵا چڕوو،
هەمیشە گوڵەکانی بەهارین؟
* * *
ئەوساتە وەختەم بیرنایە
کە فرمێسکەکان بەهاربوون،
خولیاکان تەتەرێکی وێڵو،
دەوروبەر یەکپارچە نێوان.
تەنیا ئاوازی ئەو چرپەی
کە لەهەموو دیدارێکدا
بەسەر لاشەما دەتباراند.
زەمەنی گیانم ون دەبوو
ئاوازەکانت لە منو

خەندەکانی خۆت دەتۆراند.
لەنێوان دوو گۆڕستاندا.. ..
یان لەنێوان دووکێلی گۆڕێکی بەکۆمەڵ
لەبەردەم منالێکی برسی،
یان لەنێوان دوو چاوی تێرۆرستێکو
راوچیەکو
هەڵمەتبەرێ بۆ کورسی
ئێمە یەکتریمان ناسی؟!
بیرم نایە
تەنیا هەرەشەی هەورێکی بێ بارگاویو
چرە دووکەڵێکی شینی نێو هەناسەو
قاقای پێکەنینێکی گڕی
دووژمنەکانم لەبیرە.
ئەگەرنا ئەو ساتەی نیگات
بەچاوی بێ پەنام بەخشی
من لەتەنیاییدا دەگریام،
گریان بۆ داهاتوومانو.. ..
لەدەست دانی دوا هەناسە،
گریان بۆ هەڵخلیسکانو
رنینەوەی ساڵەکانو
لێدانی تۆقانو کرێوەو
رابردوویەکی لێڵ نەبێ،
هیچ تارماییەکم بیرنایە
سێبەری ئەو پەنجەیە نەبێ
کە لەنێوان،
روناکی مۆمو چرایەک
بە نەرمیو بێ ترسی سووتان
وەکو روانگە
هاواری کرد دوا نیگایە.
* * *
خۆشم لەم نێوانە ناگەم

لەنێوانی دوو سەدەداین
یان لە بەینی دوو سنوورا؟
لەنێوان دوو وەرز دژین
یان دوو سەنگەرو زریپۆش؟
هێندە نەبێ
لەیەکەم دیدارا گوڵێ لەنێوانی مە هەڵوەری
لەیەکەم خەندە باران،
هەنسکێ دەکەوتە نێوان،
ئیدی هەر ئەوەندەم لەبیرە
کە رقم لەم نێوانە بێو...
هیچ نێوانێکم خۆش نەوێ،
چونکە تەریب بوونی ئێمەو...
فراوان بوونی ئەم نێوانە
ئای کە چەندناخۆشە گوڵم،
ناحەزێ بیکات بەلانە!.
* * *
شەوێ بەدیار کانییەکو،
باق‌و بریقی سینگی نێوان جوتێ ماسی‌و
چریکەیەکو،
بارینی هەنسکەکانا،
نۆتەیەکم دەنووسیەوە.
ئەو شەوە بەدیار تاریکی‌و
زیکری مۆمێکی نیوەبوو
سەمای وشەیەکی ون بوو
نەخشەی نێوانێکی سپیم
بەهاوڕێیان دەبەخشییەوە.
شەقام یەکپارچە تاریکی
ئاسمان پڕ لە هێڵی گڕو
هەڕەشەی هەورێکی برسی،
ئێستاش لەو دەرفەتە ناگەم
لەنێوانی ئەو پێڵوانەو

**ئەو دوو تابووتە ناگەم،**
**نازدارەکەم.**
**لەکوێ یەکتریمان ناسی؟!**